# دانا ڕەئوف:

## دەقی خۆماڵی هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردن و بونیادنانی شانۆدا گێڕاوە





سازدانی: شاخەوان سدیق

**شانۆ یەکێکە لە هەرە زیندوترین هونەرەکانی دونیاو ڕۆژانە لە شارەگەورەکانی دونیادا، چەندین نمایشی جدی بە چەندین شێوازو ڕێبازی جیاجیاوە پێشکەشدەکرێت، لە هەرێمی کوردستانیش تاڕادەیەکی باش گرنگی بەم بوارە دراوە، هەر بۆیە بە پێویستمان زانی لەگەڵ هونەرمەند(دانا ڕەئوف) دەربارەی گرنگی شانۆ، ئەم دیدارە سازبدین.**

* سالانی ڕابردوو کۆمەڵێك نمایشکران، کە زیاتر نمایشی شانۆیی کلاسیکی بوون و دەقەکانیان زیاتر دەقی وەرگێڕراو بوون، ئەم کارانە لە سەرەتادا بینەرێکی زۆریان هەبوو، بەڵام وردەوردە ئەم بینەرە نەما، تا ئەوکاتەی کۆڕی شانۆی با دەقی خۆماڵیان دروستکرد، دەقێك کە پێشتر نەبووە و خۆیان دروستیانکرد، بەستیانەوە بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانەوە و دەقەکانیان باسکردن بوو لە ئەمڕۆ و ئێستای ژیانی ڕۆژانەی خۆمان. ئەم کارانە بینەرێکی زۆریان هەبوووە و بۆ چەند ڕۆژێکی زۆر نمایشکران، هەستناکەیت تۆرانی بینەری ئێمە، پێوەندی هەبووە بەوەی، کە ئەو دەقە وەرگێڕاوانە پێوەندیان نەبووە بە ئێستای کۆمەڵگەی ئێمەوە؟ هەستناکەن بینەری ئێمە شانۆیەکی دەوێت بیبەستێتەوە بە واقیعی ژیانی خۆیانەوە؟

- پێش هەموو شتێك دەقی وەرگێڕراو و شانۆی کلاسیکی، سەرچاوەیەکی گرنگ و پێویستی هەموو شانۆ و بزوتنەوەیەکی شانۆییە، بەبێ شانۆی کلاسیکی، یان هەر دەقێکی تری وەرگێڕراو، شانۆ کەلێنێکی گەورەی تێدایە، ئەو کەلێنەیش هەرگیز بە دەقی خۆماڵی پڕناکرێتەوە. لە هەموو دونیادا شانۆ تەنها شانۆی خۆماڵی نییە و شانۆ پرۆسەیەکی پێکەوە بەستراوە و شتێکە هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەیش هۆکارێکی زۆر ساکاری هەیە، لەبەرئەوەی شانۆ هەمیشە پەیوەستە بە مرۆڤ و خەون و هیوا و ئازارەکانی مرۆڤ و پێوەندییەکانی مرۆڤ بە یەکترییەوە. ئەگەر نمایشکردنی دەقی وەرگێڕراو و کلاسیکی بینەری لە شانۆ تەکاندبێتەوە، ئەوە بەبێ هیچ گومانێك هەڵەی ئەو دەقە وەرگێڕراوە یان کلاسیکییە نەبووە و نییە، بەڵکو هەڵەی ئەو کەسانەیە، کە نمایشیدەکەن. شانۆنامە تازە و مۆدێرنەکان، لە پاڵ دەقەکانی شانۆی کۆنی گرێکی، شکسپیر، مۆلێر، ستریندبێرگ، چێخۆف، برێشت، پینتەر... و هەزارەهای تریش، کە بەردەوام لەسەر شانۆکانی دونیا نمایشدەکرێن، نەك هەر بینەریان لە شانۆکان نە تەکاندۆتەوە، بەڵکو وزەیەکی گەورەبوون بۆ شانۆ، شانۆکارەکان و بینەریان بێشومار لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە. دەبێ ئێمە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، چۆن و بۆچی ئەو هەموو دەقە کلاسیکییە، تا ئێستا بە بەردەوامی پێشکەشدەکرێن. گرفتەکە ئەوە نییە، کە ئێمە دەقی وەرگێڕاو، یان شانۆی کلاسیکی پێشکەشدەکەین، گرنگ ئەوەیە چی هەڵدەبژێریت و چۆنی پێشکەشدەکەیت. هەر ئێستا، کە من وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆ دەدەمەوە، هەر کۆڕی شانۆی با-یش نمایشێکی گەلێك سەرکەوتوویان لە شانۆی جیهانی و دەقێکی وەرگێراوەوە پێشکەشکردووە، کە ئەویش (مارا/ساد-ە. مارا/ساد) لە ماوەی ئەم سی چل ساڵەی ڕەوت و بزوتنەوەی شانۆی کوردیدا، لە چەند هەل و مەرجی جیاوازی وڵات و شارەکەماندا نمایشکراوە، بۆ نمونە، کە ئێمە لە هەشتاکاندا و لە کاتی جەنگی عێراق/ئێران و لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری مارا/سادمان نمایشکرد، هەمان ئەم نمایشەی ئێستا نەبوو، هەروەها کە کۆمەڵێك برادەری تر و لە کەلاوەکانی ئەوسای ئوتێل حسیب ساڵح، دوای شەڕی عێراق/ئێران مارا/سادیان نمایشکرد، هەمان نمایشەکەی ئێمە نەبوو، کەواتە گرفتەکە دەقی وەرگێراو، یان شانۆی کلاسیکی نەبووە و نییە، بەڵکو هەڵبژاردن و چۆنییەتی نمایشکردن و چارەسەرە هزری، هونەری و ئێستاتیکییەکانە. کە لە دونیایشدا بە بەردەوامی دەقی کلاسیکی نمایشدەکرێت، لە فۆرم و شێواز و ستایلە کلاسیکییەکەیدا نمایشناکرێت، گەر وابوایە، شانۆ دەمێ بوو مردبوو.



دیدار

کاری شانۆکار و شانۆ ئەوەیە پرسیارەکانی ئەمڕۆ و هەناسەیەکی نوێ لەو دەقانەدا بدۆزێتەوە: گرنگ نییە چی نمایشدەکەیت، کلاسیك، مۆدێرن یان دەقێك خۆتان لە کاتی پرۆڤە و بەکاری ڕاگوزاری و هاوبەش دەینووسن، گرنگ ئەوەیە بە هەوای ئەمڕۆ و ئەم ساتە هەناسەبدات و بژی. کاری شانۆ و شانۆکار ڕازاندنەوە و دروستکردنی مۆزەخانە نییە لەسەر شانۆکان، هاوکات وەڵامدانەوەی پرسیاریش نییە، بەڵکو وروژاندنی پرسیارەکانە، دەرخستنی ڕاستییەکانە و بێزارکردنی بینەرانە.

من لەو بڕوایەدانیم کۆڕی شانۆی با، یان هەر شانۆیەکی تر چ لە کوردستان یان لە هەر سوچێکی تری ئەم دونیایەدا، بتوانێت پشت بکاتە ئەو کولتورە دێرین و گەورەیەی شانۆی جیهانی و تەنها خۆی دەقی خۆی بەرهەمبهێنێت. لەو کاتەدا زۆر کەموکوڕی تێدادەبێت، نە شانۆ گەشەدەکات، نە تواناکانی ئەکتەر و نە دیدی ریژیسۆر. نوسینی دەقی خۆت و بە کاری هەرەوەزی و پرۆسەیەکی ڕاگوزاری، لە قۆناغ و ڕەوشێکی دیاریکراودا ئەزموونێکی باش و دەوڵەمەندە و زۆربەی شانۆکارەکانی دونیایش، بۆ نموونە (ئاریان موشکین و پیتەر برووك)، کاری وایان کردووە، بەڵام پشتکردنە شانۆی جیهانی و دەقی وەرگێڕاو و کلاسیکی و تەنها و تەنها خۆت بە کاری هەرەوزی دەقی تایبەت بە خۆت بەرهەمبهێنیت، ئەوا بێگومان تێنەگەیشتنێك هەیە. دەکرێت شانۆنامەنوسێك بە بەردەوامی لەگەڵ گروپێك کاربکات و ئەو گروپە تەنها دەقەکانی ئەو شانۆنامەنووسە بەکاربهێنن و نوسەرەکەیش لە پرۆسەیەکی گەشەکردودا، لە دیدی ریژیسۆرەوە دەقەکانی بنوسێت. ئەم جۆرە کارانەیش نموونەیان لە شانۆی جیهانیدا زۆرە و ئەزموونێکی گەلێك دەوڵەمەندە. مولێر بۆ ئەو شانۆیەی دەنوسی، کە خۆی کارەکانی تیا پێشکەشدەکرد، چێخۆف بە تەواوی خۆی تەرخانکردبوو بۆ شانۆی هونەری مۆسکۆ، داریۆ فۆ نمونەیەکی تری دانسقەیە، کە خۆی نووسەر، ئەکتەر و ریژیسۆر بوو... هتد. ئێستایش زۆر شانۆنامونووس هەن، کە پێوەندییان بە شانۆیەکەوە یان ریژیسۆرێکەوە هەیە و پێکەوە کار دەکەن، ئەو دەینووسێت، ریژیسۆرەکەیش لەگەڵ ئەکتەرەکانی تاقیدەکەنەوە و لە گەشەیەکی دراماتۆرگی گرنگدا ،چ دەقەکە بەرەوپێشەوە دەچێت و چ دیدی ریژیسۆر، هەروەها ئەکتەرەکانیش.

*** نەبوونی دەقی کوردیە وای کردووە شانۆکارەکان دەقی وەرگێڕاوی ئەوروپی بەکاربهێنن بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی شانۆیی یان چی؟ هەستناکەیت بینەری دەقی شانۆیی کوردی زیاتربێت؟**

- ئەدەبی کوردی بنەماکانی لەسەر شیعر ڕۆناوە، شیعری کلاسیکی کوردی لە مەولەوییەوە بۆ شێرکۆ بێکەس، سامانێکی گەورە و دەوڵەمەندە و ڕۆڵێکی گەورەیشی لە پارێزگاریکردن و گەشەی زمانی کوردیدا گێڕاوە. بەپێچەوانەوە ژانرەکانی تری ئەدەب، ڕۆمان و تەنانەت کورتە چیرۆك و دەقی شانۆیی، ئەو مێژووە درێژەیان نییە و تا ڕادەیەك بە ئەدەبی کوردی نامۆن. خۆ ئەگەر کورتە چیرۆك لە حەفتاکانەوە هەندێك هەنگاوی جدی نابێت، ئەوە ڕۆمان لە کۆتایی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکانەوە زیاتر دەرکەوتوە و برەوی بە ئەدەبی کوردی داوە. نوسینی دەقی شانۆیی تا ئێستا نەبووە بە کولتور و نەیتوانیوە وەك ژانرێکی سەربەخۆ دەربکەوێت و خۆی بسەپێنێت، هەرچەندە چەندین هەوڵی زۆر جدی هەن و بەر لە ڕۆمانیش چەندان قەڵەمی بەپێز و بە توانا دەقی شانۆییان نوسیوە، بۆ نموونە (عەبدلڕەحیم ڕەحیمی هەکاری، پیرەمێرد، ئەلف با هەوری و تا دەگاتە ئەنوەر قادر ڕەشید، فەتاح خەتاب، ئەحمەد سالار، دڵشاد مستەفا)... هتد کە جێگا پەنجەیان دیارە و هەنگاوی گرنگ و پێویستیان ناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا نوسینی دەقی شانۆیی نەبووە بە کولتور و نەیتوانیوە جێگای خۆی بگرێت. هیچ کەسێکیش تا ئێستا سەت لە سەت خۆی بۆ ئەم ژانرە تەرخاننەکردووە. بە ڕای منیش یەکێك لە هۆکارەکان گەشەنەکردن و بێهێزی شانۆی کوردییە، کە نەیتوانیوە چ لە ڕووی ریژی و چ لە ڕووی دراماتۆرگییەوە برەو بە توانای ئەو شانۆنوسانەی خۆمان بدات، ئەوەی ئەوان نوسیویانە لەسەر شانۆکان بەرجەستەیبکات. کاری شانۆنووسەکانی ئێمە بەو پرۆسە هاوبەش و

هاوکارییە گرنگەی نێوان ریژیسۆر/ شانۆنامەنوس، شانۆنامەنوس/ئەکتەردا نەڕۆیشتوە و سودیان لە ئەزموونی یەکتری وەرنەگرتووەو بەرکەوتنێکی قووڵ و تێگەیشتنێکی دوولایەنە بۆ پرۆسەکە نەبووە، بێگومان لەم بارودۆخەیشدا شانۆکارەکان بە دەقی وەرگێڕدراو، هەوڵی پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەیان داوە.

لەلایەکی تریشەوە دەقی خۆماڵی هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە دروستکردن و بونیادنانی شانۆدا، ئەوەی ڕاستی بێت، دەقی سەرکەوتوو، هاریکاری نێوان شانۆ، ریژیسۆر و شانۆنامەنووسەکان دروستدەکات، نەك بە پێچەوانەوە. چێخۆف ڕۆڵێکی بێهاوتا و گرنگی لە دروستکردنی شانۆی هونەری مۆسکۆدا بینیوە، ستانیسلاڤسکی هەرگیز بەبێ چێخۆف نەیدەتوانی ئەو شانۆیە دروستبکات، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی شانۆی جیهانیدا بینیوە؛ شانۆی هونەری مۆسکۆ چێخۆف دەکات بە شانۆنامەنوسێکی پلە

**دەقی وەرگێڕراو و شانۆی کلاسیکی، سەرچاوەیەکی گرنگ و پێویستی هەموو شانۆ و بزوتنەوەیەکی شانۆییە، بەبێ شانۆی کلاسیکی، یان هەر دەقێکی تری وەرگێڕراو، شانۆ کەلێنێکی گەورەی تێدایە، ئەو کەلێنەیش هەرگیز بە دەقی خۆماڵی پڕناکرێتەوە. لە هەموو دونیادا شانۆ تەنها شانۆی خۆماڵی نییە و شانۆ پرۆسەیەکی پێکەوە بەستراوە و شتێکە هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە**



یەك، بەهەمان شێوە چێخۆفیش شانۆی هونەر دەكات بە شانۆیەكی هونەری، كە ناوبانگەكەی سوورەكانی هەموو دونیا دەبەزێنێت.

بێگومان لەم بارەیشدا بینەر زیاتر لە شانۆكان كۆدەبنەوە، بە شێوەیەكی ئاسانتر خۆیان لەسەر شانۆكان و لەنێو ئەكتەرەكاندا دەدۆزنەوە، ئەوەی دەیبینن راستەوخۆتر پەیوەستە پێیانەوە، ریژیسۆریش بە شیوە و فۆرم و رێگایەكی تر هەوڵی چارەسەركردنی دیمەنەكان دەدات و ئەو تەكنیكەی بەكاریدەهێنێت، زیاتر لە واقیعی ژیانی رۆژانەی خۆمانەوە سەرچاوە وەردەگرێت. دەمەوێت سەرلەنوێ ئەوەیش دووپاتبكەمەوە، كە ئەوەی پێشكەشدەكرێت، بۆئەوەی شتێكی زیندوو و نزیك لە واقیعی مرۆڤی هاوچەرخ و مۆدێرنی خۆمانەوە بێت، دەبێت بە هەوای ئەمرۆ بژی و هەناسەبدات. دەبێت شانۆی كلاسیكی، مۆدێرنی وەرگیراو و دەقی خۆماڵی لە جوڵەیەكی دیالێكتیكیدا یەكتر تەواوبكەن و سود لە ئەزموونی یەكتر وەربگرن.

*** ئەمرۆ ساردو سڕیەكی زۆر لە ناو دنیای هونەری ئێمەدا لە رووی نەبوونی رەخنەوە هەیە، بەتایبەت رەخنەی هونەری و شانۆیی. بەجۆرێك ئەو هەموو كار و نمایشە تێدەپەڕێت، كەس تەنها دوو دێڕی لە سەرناڵێت، تۆ ئەمە بۆ كەمتەرخەمیی هونەرمەندان دەگێڕیتەوە، كە گرنگی بە بواری نوسین نادەن، یان ئەمەیش وەك هەموو كێشەكانی تر، پەتای نەبوونی نوسەری رەخنەی هونەرییە؟**

- دەبێت ئێمە ئەوە باش بزانین، رەخنەی شانۆیی یان ئەدەبی لەخۆوە دروستنابێت، هەر بۆ نموونە، گەر تۆ رۆمانی كوردیت نەبێت و هیچ رۆمانێك نەكەوێتە بازاڕەوە، رەخنەی ئەدەبیشت نابێت و كەس قسە لەسەر رۆمان ناكات. شانۆیش هەمان هاوكێشەیە، ئەگەر نمایشی باش پێشكەشنەكرێت و شانۆ نەبێت و هیچ رێپرتوارێكی شانۆیی لەئارادا نەبێت، بێگومان رەخنەی شانۆیشمان نابێت. بزوتنەوەی شانۆی كوردی سستە و رێپۆرتوارمان نییە، بەڵام ئەوەی بەرێزیشت لە پرسیارەكەتدا ئاماژەت پێكردووە، راست نییە. لەم یەك دوو ساڵەدا، چ لە هەولێر و چ لە سلیمانی، كۆمەڵێك كاری باش پێشكەشكراون و لەسەریشیان نوسراوە، تەنانەت لە شوێنە گشتیەكاندا دانیشتن و گفتوگۆیشیان لەسەر كراوە. هەندێك قەڵەمی باشیشمان هەیە، كە لە شانۆ دەگەن و ئەوەی دەینووسن، لە خودی پرۆسە شانۆییەكەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. من بۆ نموونە چەند ناوێك دەڵێم، كە بەراستی هەوڵی جدییان لەم بوارەدا هەیە؛ (حەمەسوار عەزیز، حیدەر عەبدرەحمان و هەندێك تەقەلای رەخنەیی نیهاد جامی-یش).

لەم رۆژانەدا، كە لە سلێمانی مارا/ساد نمایشكرا، چەندین گوتاریی رەخنەی جدیشی بە دوای خۆیدا هێنا، هەروەها ماوەیەك لەمەوبەر، كە (شوان عەتوف) كارێكی مۆنودراما، هاوكات شانۆنامەی (سێ خوشك)ی چێخۆف هەر لە سلێمانی نمایشكران، بەهەمان شێوە كۆمەڵێك گوتاری رەخنەییان بە دوای خۆیاندا هێنا. كاری جدی هەمیشە، كاردانەوەی جدیشی لێدەكەوێتەوە.

رەخنەگری شانۆیی بەهایەكی گرنگی هەیە و رۆڵی ئەو تەنها ئەوە نییە، وەك راوێژكارێكی بەسەلیقە، رێنمایی بینەر بكات، تا كارێكی باش ببینن و كارێكی خراپ نەبینن، هەروەها كاری رەخنەگریش ئەوە نییە، دوای بینینی نمایشێك خاڵە باش و خراپەكان دەستنیشان بكات، رەخنەی شانۆیی زۆر لەوە گرنگتر و پرۆسەیەكی ئاڵۆزتریشە. هەموو فۆرمەكانی هونەر، شانۆ، مۆسیقا، وێنەكێشان... هتد، بەبێ رەخنە و رۆڵی رەخنە، بەرای من لەژێر هەڕەشەدایە. هونەری مۆسیقا و وێنەكێشان بە تەواوی لەم بوارەدا فەرامۆشكراون و هیچ شتێك لەسەر پێشانگا و كۆنسێرتە مۆسیقییەكان ناوترێت و نانوسێت، بە راستی ئەمە كارەساتە.

شانۆ هونەرێكی گرانە، هونەرێكە بە ئاسانی ناگاتە دوا ئەنجامەكان،

**بینەر زیاتر لە شانۆکان کۆدەبنەوە، بە شێوەیەکی ئاسانتر خۆیان لەسەر شانۆکان و لەنێو ئەکتەرەکاندا دەدۆزنەوە، ئەوەی دەیبینن ڕاستەوخۆتر پەیوەستە پێیانەوە، ریژیسۆریش بە شیوە و فۆرم و ڕێگایەکی تر هەوڵی چارەسەرکردنی دیمەنەکان دەدات و ئەو تەکنیکەی بەکاریدەهێنێت، زیاتر لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خۆمانەوە سەرچاوە وەردەگرێت**

ڕەخنەگری شانۆیش دەبێت ئەم ڕاستییە بزانێت، ئەو توانا و جورئەتەی هەبێت، پەردە لەسەر نەك تەنها هەڵەکان، بەڵکو لەسەر توانای هونەرمەندەکانیش هەڵماڵێت. باشترین ڕەخنەگرەکانی شانۆیش ئەوانەن، کە ڕۆژانە لە هۆڵی پرۆڤەکاندا دادەنیشن و چاودێری پرۆسەی داهێنان و هەنگاو بە هەنگاوی کاری ئەکتەر و ریژیسۆر دەکات. ڕەخنەگر چاوی سێیەم و خوێنەری سێیەمی نمایشەکەیە، دوای ئەکتەر و ریژیسۆر، ئەو نمایشکە دەگەیەنێتە ئاستی گەشە و تەواوی پرۆسە پراکتیکی و کردەییەکە شیدەکاتەوە و توانای کردنەوەی کۆدەکانی هەیە. من لەو بڕوایەدام، هەندێك یان چەند ڕەخنەگرێکی دیاریکراو تا ئاستێکی باش ئەو توانایەیان هەیە، بێگومان بینەر، یاخود ریژیسۆر و ئەکتەرەکان چەند هاوڕان لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەگر دەینوسێت، ئەوە شتێکی ترە و گرنگیش نییە.



*** ڕەخنەگری شانۆیی تا چەند پێویستی بە تیۆری شانۆ هەیە بۆ ئەوەی ڕەخنەگرێکی باش بێت؟ ئایا بنەمایەکی تیۆری بۆ ڕەخنەگر پێویستە؟**

- ڕەخنەگرێکی باشی شانۆیی دەبێت لە شانۆ بزانێت و لە هونەری شانۆ بگات، شانۆ ئەدەب نییە و ئەو کەسەی ڕەخنەی شانۆیی دەنوسێت بە شێوەیەك لە شێوەکان پێوەندی بە شانۆوە هەبێت. کاتی خۆی ئەو کەسانەی ڕەخنەی شانۆییان دەنووسی، کەسانی پسپۆر نەبوون، بەڵکو زیاتر ئەو کەسانەبوون، کە سەرقاڵی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بوون، وەك کارێکی ئەدەبی باسی ناوەڕۆك و بنەما هزرییەکان و دەقە شانۆییەکەیان دەکرد، نەك لایەنە کردەییەکە و ئێستاتیکای شانۆ. لە هەشتاکانەوە ئەم ڕێچکەیە گۆڕاوە و ئەوانەی ڕەخنە دەنوسن، بەشێکن لە شانۆ و کارە شانۆییەکان. من خۆم، بەرلەوەی بنووسم، چ وەك ئەکتەر و چ وەك ریژیسۆر کارمکردووە، ئەزموونی شانۆ و لایەنە کردەیی و پراکتیکییەکەم گواستۆتەوە بۆ نێو گوتارە ڕەخنەیی و شانۆییەکان.

تیۆری شانۆیی و شیکردنەوەی دەق و تێگەیشتن لە پێکهێنەرەکانی تری نمایشی شانۆیی، رەخنەگر لە نمایش و سروشتی کارەکە زیاتر نزیکدەکاتەوە و دیدە ئێستاتیکییەکەی لە ڕاڤەی ریژیسۆر و خوێندنەوەی نمایشەکەدا دەردەکەوێت. ئێمە نامانەوێت رەخنەگر ریژیسۆ و ئەکتەر بێت، بەڵام پێویستە لە کاری ریژیسۆر و ئەکتەر بگات، زانیاری لە مێژووی شانۆدا هەبێت و لە بنەما دراماتۆرگییەکانی دەق/نمایش بگات.

ڕەخنەیش چەندین ڕێباز و تەوژمی تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێت ڕەخنەگر بزانێت لە چ بنەمایەکی فەلسەفی، دەروونی، جوانکاری یان هەر ڕێبازێکی ترەوە، نمایشەکان دەخوێندێتەوە. ئەمەیش پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و گشتگر و هەمەلایەن هەیە، لەبەرئەوە ڕەخنەگرێکی باش بەبێ بنەمایەکی تیۆری نابێت بە رەخنەگرێکی باش، هەرگیز ناتوانێت کۆد و سمبۆلەکانی نمایش بدۆزێتەوە و نوسینەکانیشی بریتی دەبێت لە

